وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەڵاحەدین

کۆلێژی ئاداب- بەشی ڕاگەیاندن

قۆناغی چوار (بەیانیان)

## وانەی

# ڕاگەیاندن و سیاسەت

مامۆستای بابەت

د. باران محمد عبدالله

2025

**راگەیاندن و سیاسەت:**

- **دەستپێک**

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نەک هەر لەسەر ئاستی لۆکاڵی بەڵکو لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان لەسەر دارشتنی سیاسەتدا هەیە، هەروەها کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بوونەتە بەشێک لە پڕۆسەی سیاسی هەر وڵاتێک و دەتوانن لە ماوەیەکی کەمدا ڕای گشتی بەو ئاراستەیە ببەن کە مەبەستیانە.

هەروەها ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵی ناوبژیوان دەبینن لەنێوان گەلان و حکومەتەکانیان و تەنانەت لەنێوان بەشە جیاجیاکانی ناو خودی حکومەت و حکومەتەکانی تر، جگە لەوە ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لە پشتیوانیکردنی سیاسەتەکانی حکومەت لە پرسە هەستیارەکاندا.

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی بەرنامە و هەواڵەکانیانەوە کاریگەری دادەنێن لەسەر زۆربوونی هۆشیاری سیاسی تاکەکانی کۆمەڵ و بەکێشە سیاسیەکانیان ئاشنا دەکەن و بە جۆرێک ئێستا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەی سەرەکی پەرەپێدان و هۆشیاری سیاسی خەڵکن. خەڵک لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە پەخشدەکرێن، ئاشنای سیستەمی سیاسی و پێکهاتە سیاسیەکان دەبن. لەو بارەیەوە (ئیسماعیل مەحمود) دەڵێت: (دەکرێت بڵێین ئاگایی سیاسی ئەو پلەیەیە کە تاک وەک هاوڵاتییەکی باش لەڕێگەیەوە هەموو زانیارییەکی لەسەر وڵاتەکەی دەستدەکەوێت و بەشێوەیەکی ڕاست ئەرکەکانی جێبەجێدەکات، هەروەها ئاگایی سیاسی ئەو زانیارییانەش دەگرێتەوە کە تاک لەسەر ڕووداوە سیاسیەکانی دەرەوەی کۆمەڵگاکەی خۆی هەیەتی، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەشدارن لەو ئاگاییە و یارمەتی تاکەکان دەدەن تابەشدار بن لە ڕای گشتی ڕاست و ڕەوان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە سیاسیەکان).

**چەمکی سیاسەت**

پێویستە جیاکاری بکەین لەنێوان سیاسەت بەو پێیەی زانستێکە، تێگەیشتن و بنەمای خۆی هەیە، لەگەڵ سیاسەت بەو پێیەی ممارەسە و هەڵسوکەوت و بڕیاردان دەگرێتەوە، دەشێت دووەمیان پشت بە یەکەمیان ببەستێت، بەڵام کارکراوە لەسەر جیاکاری لەنێوان سیاسەتی زانستی و سیاسەتی کرداری (تۆماس دای) پێیوایە

سیاسەت (بریتییە لەو بڕیاردانەی کە دەسەڵات دەیگرێتەبەر بۆ دیاریکردنی ئامانجی دیاریکراو لەبواری دیاریکراودا).

(هارۆڵد لاسویڵ) وا پێناسەی سیاسەت دەکات کە (ئەو بڕیارە زۆر گرنگانەیە کە لەسەر ئاستی ژیانی گشتی یان ژیانی تایبەتی دەدرێت) سیاسەت بە مانای نەخشەکێشانی سیاسەت دێت، سیاسەتیش بەواتای هونەری وەدیهێنانی ئەوەی دەشێت ببێ لە چوارچێوەی توانا فەراهەمبووەکان و لەچوارچێوەی واقیعی بابەتیدا.

**لە پێناسەی زانستی سیاسەتدا دوو ئاراستە هەیە، بریتین لە:**

**یەکەم:** بەمانای زانستی دەوڵەت، واتا ئەو زانستەی کە لە دەوڵەت دەکۆڵێتەوە، لەڕووی چەمکەکان، ڕێکخستنەکەی، دامودەزگاکەی و پێکهاتەکانی و کارەکانی و سیاسەتەکانیەوە.

**دووەم:** بەمانای زانستی دەسەڵات، واتا ئەو زانستەی کە لە دەسەڵات دەکۆڵێتەوە، بەو پێیەی چەمکێکی گشتگیرە و هەموو پێکهاتە مرۆییەکان دەگرێتەوە، لەوەتەی مرۆڤ دروست بووە و لەسەر زەوی و لەگەڵ ئەوانیتر ژیاوە، دەسەڵات بۆتە پێویستیەک کە سروشتی مرۆیی ویستویەتی، ئەویش لای خۆیەوە پێویستی بوونی پەیوەندی لەسەر بنەمای لێکنەچوون و جیاوازی دەسەپێنێت، ئەوەش پێویستی بوونی ماف و ئەرک و پابەندبوون و ناکۆکی دەکات لەبارەی هەموو ئەمانە کە بوونی دەسەڵات دەسەپێنێت، کەواتە دەسەڵات بەڵگە نەویستێکی سروشتی مرۆییە، هۆکاری بوونی خۆی لە ڕەوایەتیەکەی دەبینێتەوە لەو ئامانجەی کە لە پێناویدا لە کۆمەڵگا دروست بووە.

- **سیستەمی سیاسی:**

سیستەمی سیاسی کۆمەڵێک کارلێک و ڕۆڵە کە پەیوەستە بە دابەشکردنی دەسەڵاتیانەی بەهاکان، هەروەها کۆمەڵە کارلێکێک وەک تۆڕێکی ئاڵۆز لە پەیوەندییە مرۆییەکان، کە ڕەگەزەکانی هێز یان دەسەڵات یاخود حوکمرانی لەخۆ دەگرێت، لەنێوان هەردوو چەمکی دەوڵەت لەلایەک و سیستەمی سیاسی لە لایەکی ترەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا جیاوازییان هەیە:

1. چەمکی سیستەمی سیاسی تەنها چەمکێک یان پێکهاتەیەکە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە سیاسیەکان یان شیکردنەوەیان بەکاردەهێنرێت، سیستەمی سیاسی

بوونێکی واقعی نییە، مەگەر لە خەیاڵ و وێنابینینەکان نەبێت، بەڵام دامودەزگای هەیە. لەکاتێکدا دەوڵەت بوونی ڕاستەقینەی هەیە جگە لەو ڕەگەزانەی کە بوونی دەستەبەر دەکەن.

2. بوونی سیستەم پشت بەبوونی شێوازێکی بەردەوام لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دەبەستێت، لەکاتێکدا بوونی دەوڵەت پێویست بە چەند ڕەگەزێک دەکات وەکو هەرێم و سەروەری و سەربەخۆیی.

- **پێکهاتەکانی سیستەمی سیاسی:**

- دەسەڵاتی یاسادانان
- دەسەڵاتی جێبەجێکردن
- دەسەڵاتی دادوەری
- دەسەڵاتی ڕاگەیاندن

- **چەمکی میدیایی سیاسی:**

میدیایی سیاسی بریتییە لە ئامرازێکی کارا و سەرەکی هەر سیستەمێکی سیاسی حکومران بەمەبەستی وەدیهێنانی ستراتیژیەتی جۆراوجۆر و جێبەجێکردنی ئەجێندای دیاریکراو.

بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی زاراوەی میدیایی سیاسی باشتر وایە تیشک بخەینە سەر چەند چەمک و زاراوەی تر، ئەوانیش:

1. پروپاگەندەی سیاسی/ Political Propaganda: بریتییە لە کرداری وروژاندنی هەست و سۆزی تاک بەمەبەستی دروستبوونی جۆرێک لە بەلاڕێدابردنی زەینی وەرگر لە بەدواداچوونی لۆژیکی بۆ گوتاری میدیایی، لەهەمانکاتدا جۆرێک لە جۆرەکانی ساختەکاری ناوەرۆکی میدیایی دەسەپێنێت بەمەبەستی قایلکردنی جەماوەری مەبەستدار بۆ ئامانجێکی دیاریکراو.
2. جاڕدانی سیاسی/ Political Declaration: پرۆسەیەکی کۆگەیاندنی مایەدارە (کرێی پەخش و بڵاوکردنەوەی هەیە)، جاڕدەر بەرامبەر دەستبەرکردنی هەڵێک لەیەکێک لە ئامرازەکانی میدیادا پەیامێکی سیاسی مەبەستداری دیاریکراو بۆ جەماوەر بڵاودەکاتەوە، بەمەبەستی کارتێکردن لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی

سیاسیاندا، زۆرێک لە سەرکردەکان و سیاسەتمەداران و حزبە سیاسییەکان جاردانی سیاسییان تەوزیفکردوە لە ئامرازەکانی ماس میدیا بۆ وەدیهێنانی پلان و ستراتیژی فیکری سیاسی دوور مەودا و ئێستایی.

3. بەشداریکردنی سیاسی/ Political Participation: کۆی ئەو چالاکییە سیاسیانەی تاکەکانی کۆمەڵگا تێیدا بەشداری دەکەن لە دیاریکردنی دەسەڵات وەک (وەرگرتنی پۆستی سیاسی، ئەندامیەتی لە حزبێکی دیاریکراو، خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان، دەنگدان، بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان،...) هەروەها چالاکی سیاسی ناراستەوخۆ خۆی دەبینێتەوە لە بەشداریکردنی هاوڵاتی لە کێشە و گرفتە گشتیەکانی شەقامی سیاسی و ئەندامەیەتی لە دەستە و کۆمەڵەی خێرخوازی و مەدەنی و هەندێک شێوەی کارکردنی بەکۆمەڵ بۆ بۆنە نیشتیمانییەکان.

بەشداریکردنی سیاسی بەواتا فراوانەکەی بریتییە لە مافی هاوڵاتی لە بەجێگەیاندنی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکان لەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە تیایدا دەژیت.

4. بازاڕگەری سیاسی/ Political Marketing: بریتییە لە پرۆسەیەکی تێکهەڵکێش و ئاڵۆز لە مانا و ناوەرۆکدا، چونکە بەرئەنجامی بەیەکەوەبەستنی چەند ئامرازێکە لە پەیوەندی سیاسی. بۆنموونە لەکاتی کەمپینی هەڵبژاردندا پرۆسەی بازارگەری سیاسی بەیێن و پەیامی بەربژێران وەک (کاڵا)ی بازارگەری هەژمار دەکرێت.

- **بڕیاردان لە سیستەمی سیاسیدا:**

سیستەمی سیاسی لەسەر سێ ئاست کاردەکات:

**یەکەم: دروستکردنی بڕیاری سیاسی:**

واتا ئاستی وەرگرتنی بڕیارە سیاسیەکان لە نێو یەکێک لە ڕەگەزەکانی سیستەمی سیاسی، لەپێناو وەدیهێنانی مەبەستێکی سیاسی دیاریکراو، وەک پشودانێک لە قەیرانێکی ناوەخۆیی کە ڕژێمەکە پیێدا تێپەردەبێت، یان بەستنی پەیماننامەیەکی

سیاسی، یاخود دەرکردنی یاساکان یان هەموارکردنی دەستور یاخود بڕیاری دیاریکردنی ئەرکێک لەنێو یەکێک لە ڕەگەزەکانی سیستەمی سیاسیدا، لەو دەوڵەتانەی کە خاوەن سیستەمی دیموکراتین ڕای گشتی ئامادە دەکرێت، بەهۆی دزەپێکردنی ناوەڕۆکی بڕیارەکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیمانگاکانی پێوانەکردنی ڕای گشتیش ڕێژەی پشتگیرکردنی ڕای گشتی بۆ بڕیارەکە پێوانە دەکەن لە سیستەمی سیاسیدا چەند لایەنێک بڕیار دروست دەکەن لەوانە، ئەو لایەنە فەرمیانەی کە پێکهاتەی لە سیستەمی یاسایی پێکدەهێنێت و ئەو لایەنە نافەرمیانەی وەک پیاوانی کار، گروپەکانی فشار، پارتە بەرهەڵستکارکان و کۆمەڵگەی مەدەنی هەروەها هێزە نێودەوڵەتییەکان. ئەم فەرمانگانە لەلایەن سیستەمی سیاسیەوە ڕاوێژیان پێدەکرێت، لەڕێگەی دەستەی تایبەت بە ڕاوێژکردنەوە کە کاری چاودێری و توێژینەوەوە سەرپەستی دەکات، بەمەبەستی یارمەتیدان لە گەڵاڵەکردن و بونیاتنانی ئەو بڕیارەی کە مەبەستە بدرێت.

**دووەم:** ئەم ئاستە دەزگای جێبەجێکردن بەهەموو لق و میکانزمەکانیەوە دەگرێتەوە، وەک حکومەتەکان، وەزارەتەکان، پارێزگا، شارەوانی و فەرمانگە و هەموو دەستە و پاشکۆکانی، زۆرجار بوار بە دەزگای جێبەجێکردن دەدرێت میکانزمەکانی جێبەجێکردنی بڕیار دابنێت، جێبەجێکردنی بڕیاریش بەیەکێک لەو دیاردانە دادەنرێت کەوا لە سیستەمی سیاسی  دەکات بەمتمانە و ڕاستگۆ بێت، هەر سیستەمێک بڕیارەکانی جێبەجێ نەکات ڕووبەرووی لەرزین دەبێتەوە، جا ئەگەر بابەتەکە پەیوەست بوو بەهەمان بڕیارەوە یان بە میکانزمەکانی جێبەجێکردنەوە، لەبەر ئەمە ناوەڕۆکی پێویستە خزمەتی پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەت و نەتەوەیە بکات کە لە ڕێگەیەوە سیستەمی سیاسی کار دەکات.

**سێیەم: بەبازارکردنی بڕیار:**

ئەوەیە کە دەزگای ڕاگەیاندن ئەنجامی دەدات جا ئەم دەزگایە سەر بە حکومەت یان سەربەخۆ بێت، لە ڕێگای بەبازارکردنی بڕیار و شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی بۆ ڕای گشتی لەلایەک و بۆچوونی ڕای گشتی تایبەت بە بڕیارەکە دەخاتەڕوو، گواستنەوەی ئەو بۆچوونە بۆ وەرگری بڕیاردەر لەلایەکیتر. لەهەندێک وڵاتدا دەزگای ڕاگەیاندن بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لەوانەیە سەر بە سیستەمی سیاسی بێت پێیان دەوترێت دامەزراوە نەتەوەییە ڕاگەیاندنەکان، لەوانەشە دەزگای ڕاگەیاندن لە سیستەمی

سیاسی سەربەخۆ بێت، یان سەر بەیەکێک لە پارتە سیاسیەکان یان ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی بێت.

- **پەیوەندی نێوان سیاسەت و ڕاگەیاندن:**

ڕاگەیاندن ئەرکی جۆراوجۆری هەیە، بریتییە لە (هەواڵ پێدان و ڕاگەیاندن، کلتوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کاتبەسەربردن، فێرکاری، جگە لە ئەرکی خزمەتگوزارییە گشتییەکان) ئەوەی پەیوەستە بە ئەرکی سیاسی ڕاگەیاندن ئەو هەواڵە سیاسیانە بڵاودەکاتەوە کە لە بارەی ڕووداو و لێدوانی سیاسی سیاسەتمەدارانە، شرۆڤەکردنی ڕەهەندەکان و کاریگەری و ئامانجەکانی لەسنوری ئازادی ڕاگەیاندندا، دەکرێت لەم ئازادییە بڕوانرێت کە ڕووبەرێکە هەستیارە لەنێوان حکومەت و ڕاگەیاندنکاران، کەهەر یەکێکیان هەست دەکات لایەنەکەی تر چاوی لەسەریەتی ئەو مافانەی پێشێڵ دەکات کەلە ڕووی دەستوری و ئەخلاقییەوە پێی ڕەوا بینراوە هەندێکجار ئەم پەیوەندییە دەگاتە ڕادەی ئاڵۆزی و هەستکردن بە نیاز خراپی لایەنەکەی تر.

سەرەتای گەیاندنی سیاسی پەیوەندیەکی توندوتۆڵی بە پرۆسەی هەڵبژاردن هەبوو، ئەمە بۆ پەیوەندی پاڵێوراوی سیاسی بەهاوڵاتیان پەلی هاوێشت لەگەڵ پێشکەتنەکانی ئامرازی گەیاندنی جەماوەری، گەیاندنی سیاسی دەستیکرد بە بایەخدان بە چۆنیەتی بەبازارکردن و سودبینین لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی سیاسیدا. جا لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێوخۆی یان دەرەکی بێت، پەیوەندی سیاسەت بە ڕاگەیاندن پەیوەندیەکی ناچارییە، واتا چەمک و مێژووی دیموکراتیەتی نوێ دواجار تەنیا بەیەکگەیشتنی هەریەک لە سیاسەتە بە ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری ئەمەش وایکردووە لەهەر کردەیەکی سیاسی دواجار ببێتە گەیاندنی سیاسی.

بۆیە (کارا دویچ) وای دەبینێت گەیاندن دەماری سیاسەتە، ئەگەر گەیاندن کارا بوو ئەوا ئەگەرەکانی هەڵە لە هەر بڕیاردانێکدا کەم دەبێتەوە، ئەمەش لوتکە و مەبەستی کاری سیاسییە.

**ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە :**

1. دروستکردنی ڕێککەوتن و کۆدەنگی لەبارەی بەها سیاسیەکان.
2. یارمەتیدەرە لە تێگەیشتنی هاوبەش و بەزاندنی ناکۆکییە تایفی و هۆزایەتییەکان.
3. کاردەکات لەسەر چاندنی هەستکردن بە ئینتیما و قوڵکردنەوەی گوێڕایەڵی.

ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن لە سیستەمی سیاسی دەیبینێت بەپێی سیستەمی سیاسی لەهەر وڵاتێکدا دەگۆڕێت، هەر سیستەمێکی سیاسی فەلسەفە یان کۆمەڵێک بنەمای هەیە کە پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و خەڵک دیاریدەکات.

**پشت بەستنی سیستەمی سیاسی بە ئامرازە ڕاگەیاندنەکان ئەم ئامانجانە بەدیدەهێنن:**

1. پارێزگاریکردن لە سیستەمی سیاسی و وەدیهێنانی تەواوکاری کۆمەڵایەتی، لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی کۆدەنگی و پێکهێنانی ڕای گشتی.
2. زیادبوون و پاڵپشتی بەها و پێوەرە سیاسیەکان وەک: ئازادی، یەکسانی، گوێڕایەڵی یاساکان، دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان.
3. پشتیوانیکردن لە هەستی هاوڵاتیبوون بۆ جێبەجێکردنی چالاکییە سەرەکییەکان، وەک گروتین بۆ جەنگ، بەشداریکردن لە دەنگدان.
4. کۆنترۆڵکردنی ئەو ململانێیانەی کە دەکەونە ناو سەروەریەتی سیاسیەوە، وەک: ململانێی حزبەکان یان ململانێی نێوان سیستەمی سیاسی و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک: سیستەمی ئاینی و جیاکردنەوەی نێوان ئاین و دەوڵەت.

- **ئەرکەکانی میدیای سیاسی:**

میدیای سیاسی هەڵدەستێت بە بەئەنجام گەیاندنی کۆمەڵێک ئەرکی جیا جیا، ئەوانیش:

1. **ئەرکی بونیاری سیاسی:**

مەبەست لێی واتە چۆنیەتی گواستنەوەی کلتوریی سیاسی بۆ کۆمەڵگا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی داهاتوو ئەو ئەرکە زیاتر گرنگیدانە بە پەرەپێدانی کەسایەتی تاک لەسەر بنەمای نموونەیەکی پێوانەیی پێشوەخت بەمەبەستی بنجبەستکردنی ئاڕاستە فکرییەکان و بەها سیاسیە باو و سەقامگیرەکانی کۆمەڵگا، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدات گەشە بە تێگەیشتنی تاک و توانستە سیاسییەکانی بدات تاوەکو بتوانێت گوزارشت لە خودی خۆی بکات.

2. **ئەركی ڕۆشنگەری سیاسی:**

هۆشمەندی سیاسی لەسەر پەیکەری کەڵەکەبوونی دیدو تێڕوانین و بیروڕاکان و چەمکگەلە وەرگیراوەکانی پێشوو بنیاد دەنرێت، میدیایی سیاسیش لێرەدا ڕۆڵی جێگیرکردنی هەندێک لەو چەمک و تیرِوانینانە دەبینێت، هەروەها پەرەپێدان بە هەندێکی تریان لەژیانی سیاسی تاکدا.

3. **ئەركی تەیاركردنی سیاسی:**

میدیای سیاسی ڕۆڵی گەورە و گرنگ دەبینێت لە تەیارکردنی سیاسییدا کاتێک هەڵدەستێت بە ئامادەسازی و پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگا لەڕووی دەروونی و زەینی بەمەبەستی پێشوازیکردن لە ئەگەرە سیاسییە چاوەڕوانکراوەکان.

4. **ئەركی پەرەپێدانی سیاسی تاكەكان:**

میدیای سیاسی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە پەرەپێدانی سیاسی و بڵاوبونەوەی کلتوری سیاسی بە ڕێگەی پێشکەشکردنی بابەت و پرۆگرانی میدیایی لە شێوە و ناوەرۆکی هەواڵی و فێرکاری، بەزمەسات بە ئامرازی ڕاگەیاندنی جەماوەری جۆراوجۆر بۆ جێهیشتنی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و ئاڕاستەکردنیان بۆ بەشداریکردنی جەماوەر لە ململانێ سیاسیەکان و هەڵبژاردندا.

5. **ئەركی هۆشیاری نیشتیمانی:**

میدیایی سیاسی بەمەبەستی خولقاندنی هۆشیاری نیشتیمانی جەماوەر هاندەدات لەسەر ئینتیمای نیشتیمانی و نەتەوەیی، بەبەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای جەماوەری.

- **خەسڵەتە هاندەرەكان بۆ سەپاندنی دۆخی بارگرژی نێوان میدیا و سیاسەت:**

چوار خەسلەت ڕۆڵیان هەیە لە ئاراستەکردنی هۆکاری سەپاندنی دۆخی نالەبارو بارگرژی پەیوەندی نێوان میدیا و سیاسەت، ئەوانیش:

1. هەوڵ و کۆششی میدیا لە خستنەڕووی بابەت و پرسی سیاسی و تیشکخستنەسەر ئەو خاڵانەی کە دەبنە هۆی جولاندنی جیاوازییەکان

بەمەبەستی خولقاندنی کەشوهەوای ورژاندان. بەمەبەستی قازانجی مادی یاخود مەعنەوی.

2. میدیاکار بۆخۆی کارەکتەرێکی سیاسی شاراوەیە، میدیاکار هەڵدەستێت بەبەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێریکردنی سیاسەتوان، ئەم ڕۆڵە وادەکات پێگەی میدیاکار لە نێو بڕیاری سیاسی و ژیانی سیاسیدا کاریگەر بێت ئەمەش جۆرێک لە کێبرکێ و ململانێ دەخولقێنێت.
3. جیاوازی ئاستی گوتار و زمان لەنێوان بکەری سیاسی و میدیاکاردا، ئەم جیاوازییە لە گوتار برپێی گوزارشتی فەیلەسوفی فەڕەنسی (پۆل ریکۆر) دەشێ بە ململانێی لێکدانەوەی تێڕوانییەکان کۆتایی پێبێت.
4. (سیاسەتوان لە برگی میدیاکار و میدیاکار لە پاڵتۆی سیاسەتوان) ئەم گوزارشتە واتا پشتگوێخستنی یاسا بنچینەییەکانی پیشە و کاری ئەوەی تر، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی ژیربینی و دوربینی بۆ سیاسەت و لەدەستدانی بێلایەنی و ئامانج و لە کاری میدیایدا.




<u>**(هێڵکاری نموونەی چوار خەسڵەتی هاندەر بۆ سەپاندنی دۆخی بارگرژی نێوان میدیا و سیاسەت)**</u>

لێرەدا دەتوانین پێنج ڕەگەزی گرنگ بۆ نەهێشتنی دۆخی بارگرژی نێوان میدیا و سیاسەت بخەینەڕوو، ئەوانیش:




- **سیستەمەکانی ڕاگەیاندن:**

فاروق ئەبوزەید پێی وایە (سیستەمەکانی ڕاگەیاندن بریتیین لە ڕەنگدانەوەی ئەو سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەی کە لە کۆمەڵگادا باوە). بەهۆی زۆری سیستەمە سیاسیەکانەوە نەتوانراوە یەک شێوە لە سیستەمی ڕاگەیاندن هەبێت بۆیە لێکۆڵەران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سیستەمی ڕاگەیاندنیان بۆ دوو جۆر دابەشکردووە، (سیستەمی کاری ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی _لیبراڵی_)، سیستەمی کاری ڕاگەیانی ڕۆژهەڵاتی_ سۆشیالیستی_).

سیستەمەکانی ڕاگەیاندن دەرهاوێشتەی جۆری سیستەمی سیاسی وڵاتن، بۆیە بۆ زانینی سیستەمی ڕاگەیاندنی هەر وڵاتێک، سەرتا پێویستە لە خوێندنەوەی مێژووی سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتەوە دەست پێبکەین.

سیستەمەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەم جۆرانە پۆلێن دەکرێن:

**یەکەم: سیستەمی دەسەڵات یان پاوانخوازی:**

ئەم سیستەمە باوەری وایە دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ژێر چاودێری دەسەڵاتدا بن و بۆی هەبێت چاودێری ناوەرۆکی پەیامەکان و هەموو بابەتە بینراو و نوسراو و بیستراوەکان بکات کە پەخشدەکرێت. ڕێگەشیان لێ دەگرێت ڕەخنە بگرن لەو بڕیارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەردەکرێن، لەم سیستەمەدا ڕێگە بە کەرتی تایبەت دەدرێت خاوەنداریەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکات، بەڵام دەبێت لەژێر چاودێری و سانسۆری دەسەڵاتی سیاسیدا بێت.

ڕاگەیاندنکاران لەم جۆرە سیستەمەدا وەک فەرمانبەر دێنە ژماردن، بەتایبەت ئەوانەی لە کەناڵەکانی حکومەتدا کاردەکەن، ئەوان بەرپرس نین لەبەرامبەر گەلدا و تەنیا حکومەت دەتوانێت ئاڕاستەیان بکات و باش و خراپیان لێکجیابکاتەوە. ئەزموونی ڕاگەیاندنەکانی سەردەمی ئەڵمانیای نازی و ئیتاڵیای فاشیست لە ئەوروپا و سەدام حوسێن و موعەمەر قەزافی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەرخەری تێڕوانینی ئەو سبیستەمانەن بۆ ڕاگەیاندن.

**تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمە:**

1. دەبێت ڕاگەیاندنکاران لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتی دەسەڵات بجوڵێنەوە.
2. دەزگا جێبەجێکارەکانی دەرەوەی دەزگای دادوەری دەتوانن لەسەرپێچییەکانی ڕاگەیاندنەکان بپرسنەوە.
3. پەخش و هاتنی بەرنامەی کەناڵە دەرەکییەکان بۆ ناوەخۆی وڵات دەبێت لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی حکومەتدا بێت.
4. دەبێت بەیاسا ڕێگە بە حکومەت بدرێت کۆنترۆڵی پەیامی ڕاگەیاندنەکان بکات.
5. پشتیوانی دارایی، وەرگرتنی باج و هەڵوەشاندنەوەی ڕێگەپێدان، لەو کارانەن کە حکومەت دەتوانێت لە ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی ڕاگەیاندنەکان بکات.
6. حکومەت دەبێت چاودێری دامەزراندن و کار و کردەوەکانی سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسان بکات.
7. بەرپرسانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەلایەن بەرپرسانی سیاسی کۆمەڵگاوە دیاریدەکرێن.

8. دەبێت ڕاگەیاندنەکان بەهەموو توانایەکیانەوە لە هەوڵی جێبەجێکردنی بەرنامە و سیاسەتەکانی حکومەتدا بن.

**دووەم: سیستەمی ئازادی (لیبراڵی):**

فەلسەفەی لیبراڵیزم پشت بە تیۆری یاسای سروشتی دەبەستێت کە پێی وایە (بەرژەوەندی کۆمەڵگە کاتێک دێتەدی کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەرژەوەندییەکانیان هاتبێتەدی). بۆ هاتنەدی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە دەبێت حکومەت دەستبەرداری ئەوە بێت نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات و ئەرکەکانی تەنیا پاراستنی یاسای سروشتی و بەرگریکردن لە هەرەشە دەرەکی و ناوەخۆییەکان قەتیس بکات.

لەسیستەمی سیاسی لیبراڵیزمدا بەپێی یاسا دەستێوەردانی حکومەت لە ئازادییەکانی تاکەکەسدا قەدەغەکراوە و ئازادیی ڕادەبڕین و ئازادیی کاری ڕاگەیاندن فەراهەمکراوە.

بەپێی ئەم سیستەمە تاک ئازادە لە دەربڕینی بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، سانسۆر و کۆنترۆڵکردنی پەیامەکان لەم سیستەمەدا بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی پێ نەدراوە. بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوکردنەوەی بابەتی نەشیاو و سوکایەتیپێکردن و هتد.. دوو ڕێگەی لەبەردەمدایە:

- خودسانسۆکردن: بەواتای ڕاگەیاندنکار یان کەناڵی ڕاگەیاندن خۆی بە ئارەزووی خۆی ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانە نەدات. پاش بڵاوکردنەوی بابەتەکە دادگاکان بڕیار بلەسەر شیاویەتی یان نەشیاویەتی بابەتەکە و جۆری ئەو سزایەی دەیگرێتەبەر دەدەن.

**تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمە بریتیین لە:**

1. دەبیت ڕاگەیاندنەکان کەسایەتی و خاوەنداریەتی و ڕێزی تایبەتی کەسەکان بپارێزن و لەکاتی دەستدرێژیکردنە سەر مافی کەسانی دیکە ڕووبەرووی سزای یاسایی ببنەوە.
2. نابێت ڕاگەیاندنکاران لەکاتی کۆکردنەوەیی هەواڵدا دەستیان بگیرێت.
3. نابێت ڕاگەیاندنکاران تێبکۆشن بۆ پەرەسەندنی بازاری ئازاد و ئازادیی ڕادەربڕین، بۆ ئەوەی لەئەنجامی بیروڕا و جیاوازییەکاندا ڕاستیەکان دەربکەون.

4. بەهیچ جۆرێک نابێت سانسۆر و کۆنترۆڵی پێشوەخت بخرێتە سەر بڵاوکردنەوە و پەخشی ڕاگەیاندنەکان.
5. پەیامەکانی ڕاگەیاندن دەبێت بەشێوەیەکی ئازادانە لە دەرەوە بۆ وڵات و بەپێچەوانەوە بگوازرێنەوە.
6. گرنگترین ئەرکی ڕاگەیاندنەکان بریتییە لە چاودێریکردنی کار و کردەوەکانی حکومەت.
7. بوونی توانای ماددی تاکە مەرجی دامەزراندنی ڕاگەیاندنە.
8. بۆ دامەزراندنی کەناڵی ڕاگەیاندن بۆهیچ جۆرێک پێویست بە ڕێگەپێدان ناکات.
9. دەکرێت خاوەنی ڕاگەیاندنەکان خۆیان بەڕێوەبەری کەناڵەکان بن.

یەکێک لە باشیەکانی ئەم سیستەمە لەوەدایە ڕاگەیاندنەکان دەبن بە چاودێر بەسەر خاون لایەنگیر و هێزەکانی کۆمەڵگەوە، ئەمەش بەهۆی ئازادی دەسپێڕاگەیشتن کە بەیاسا فەراهەمکراوە.

**سێیەم: سیستەمی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی:**

ئەم سیستەمە لە بەرئەنجامی ئەو گرفتانەی کە سیستەمەکانی پێشوتر هێنابویانە ئاراوە سەریهەڵدا، سەرەتای دەرکەوتنی دەگەرێتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی، لەساڵی 1947 بەپاڵپشتی دارایی گۆڤاری تایمزی ئەمریکی و فەرمانگەی زانیاری ئەو وڵاتە، لێژنەیەک پێکهات بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەبارودۆخی ڕۆژنامەوانی دواتر ڕاپۆرتێکیان لەژێر ناوی (ڕۆژنامەنوسی ئازاد بەرپرسیارەتییە) بڵاوکردەوە. تیایدا باس لە خراپ بەکارهێنانی ئازادی ڕادەربرین و زیادەرۆیی لە ئازادییەکانی تاکەکەس لەسەر حیسابی کۆمەڵ کراوە. لێژنەکە لە ڕاسپاردەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبیت ڕاگەیاندنەکان بەدەست کەرتی تایبەتەوە بن، بەڵام دەبێت ڕۆژنامەگەری بەم ئەرکانە هەستێت:

1. ڕاپۆرتێکی ڕاستەقینە و گشتگیر و ژیرانە لەسەر ڕووداوە ڕۆژانەییەکان بخاتەڕوو.
2. سەکۆیەک بێت بۆ هەموان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان.
3. دیمەنێک بێت بۆ گروپەکانی کۆمەڵگە و لەخۆیان بگرێت.
4. ئامانجەکانی کۆمەڵگا و بەهاکانی ڕوونبکاتەوە.
5. ڕۆژانە هەموو زانیارییەک لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژ بخاتەڕوو.

لەسەر ئاستی کاری ڕاگەیاندنەکان، سیستەمی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی لە هەوڵی ئەوەدایە سنورێک بۆ هەوەسبازیی تاکەکان دابنێت و هاوسەنگییەک لەنێوان ئازادیی ڕادەبڕین و بەرژەوەندی کۆمەڵگە ڕابگرێت، (ئازادی تۆ لەوێ کۆتایی پێدێت کە مافی خەڵکانی دیکە دەستپێدەکات).

بەهەمان شێوەی سیستەمەکانی پێشوو ئەم سیستەمە باوەری بە خاوەندارێتی کەرتی تایبەتی و گشتی هەیە، بەڵام زیاتر هانی کەرتی تایبەت دەدات.

**چوارەم: سیستەمی گەشەپێدان:**

لەناوەراستی سەدەی بیستدا چەمکی وڵاتانی جیهانی سێیەم وەک دەستەواژەیەک بۆ ئەو وڵاتانەی کە تازە لە دەستی کۆمۆنیزمی ڕۆژئاوا ڕزگاریان ببوو سەریهەڵدا. ئەو سیستەمانەی ڕاگەیاندن کە لە ڕۆژئاوا پەیرەویان لێدەکرا لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا نەدەگونجا بۆیە پێویست بوو ئەڵتەرناتیڤێک بخەرێتەڕوو کە لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی و ئابوری، کۆمەڵایەتی، کەلتوریدا بگونجێت.

سیستەمی گەشەپێدان لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو سەریهەڵدا و پرنسیپەکانی پشت دەبەستێت بە ڕاپۆرتی لیژنەیەک (واک برایل) تایبەت بەکێشەی کۆمەنیکەیشن لە وڵاتانی جیهانی سێیەم.

**ئەو پرنسیپانەی کە ئەم سیستەمەی لەسەر دامەزراوە بریتیین لە:**

1. کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەبێت بەو ئەرکانەی گەشەپێدان هەستن کە لەگەڵ سیاسەتی نیشتیمانیدا دەگونجێن.
2. ئازادی ڕاگەیاندن بەستراوەتەوە بەو کۆتوبەندانەی کە ئەولەوییاتی گەشەپێدان و پێداویستییە ئابورییەکان دەسەپێنێت بەسەر هەمواندا.
3. دەبێت گرنگیدان بە کلتوری نیشتیمانی و زمانی نەتەوەیی لە ڕیزی پێشەوەی ناوەرۆکی بابەتەکان بێت.
4. دەبێت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە بەرنامەکانیاندا گرنگی زیاتر بەو زانیاری و بۆچونانە بدەن کە لە وڵاتەکانی نزیک لە ڕووی سیاسی و جوگرافی و کەلتورییەوە ڕوودەدەن.
5. ڕاگەیاندنکاران و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئازادن لە کۆکردنەوە و پەخشکردنی زانیاری و هەواڵ.

6. حکومەتەکان بۆیان هەیە لەپێناوی ئامانجەکانی گەشەپێداندا چاودێری چالاکییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەن و سانسۆریان بخەنەسەر.

ئەگەرچی ئەم سیستەمە گرنگی داوە بە بەستنەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە واقعەوە بەڵام بە بیانوی گەشەپێدان ڕێگەی بۆ تۆتالیتالیزم خۆشکردووە ئەوەش خۆی لەخۆیدا ڕێگرییە لە خودی ئەو گەشەپێدانەی کە بانگەشەی بۆ دەکریت.

**پێنجەم: سیستەمی بەشداریکردنی دیموکراسیانە:**

ئەم سیستەمە هەر لەسەرتاوە وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە بازرگانیکردن بە پەیامەکانی ڕاگەیاندنەوە دەرکەوت، کەلەلایەن کەرتی تایبەتەوە قۆرغکراوە.

دەستەواژەی بەشداری دیموکراسیانە ئاماژەیە بۆ دەربازبوون لە وەهمی پارتە سیاسیەکان و سیستەمی پەرلەمانی دیموکراسی لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، کە کەمینەکانیان پشتگوێخستوە لە کۆمەڵگەدا. ئەم سیستەمە دژی سەنترالیزمی ڕاگەیاندنە داوا دەکات هەل بۆ تاک و کەمینەکان برەخسێت تا خواست و کێشە و گرفتەکانیان باس بکەن.

ئامانجی ئەم سیستەمە ئەوەیە دەبێت پێداویستیەکانی ئەو جەماوەرەی کە پەیامی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن دابین بکرێن، کۆنترۆڵی ڕاگەیاندن لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕەتدەکاتەوە.

**بۆچوونی ئەم سیستەمە لەم خاڵانە کورتدەکەینەوە:**

1. هاوڵاتی وەک تاک و گروپ و کەمینەکان مافی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنیان هەیە و مافی ئەوەشیان هەیە پێداویستیەکانیان بهێنێتەدی.
2. نابێت ڕێکخستنی کاروباری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ناوەڕۆکی پەیامەکانیان لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدا بێت.
3. لەبنەرەتدا هۆکاری هەبوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ خزمەتی جەماوەرە، نەوەک لە پێناوی خزمەتی ئەو ڕێکخراو و کەسانەی کاری تێدا دەکەن.
4. کۆمەنیکەیشتن کارێکی گرنگە و نابێت بۆ ڕاگەیاندنکاران جێ بهێڵدرێت.
5. ئەو کەناڵە بچوکانەی کە کاریگەرییان زۆرترە و خەڵک تیایدا بەشدارن باشترن بەو کەناڵە گەورە و پیشەییانەی کە یەک ئاراستە کار دەکەن.

- **مۆدیلێک بۆ شیکاری سیستەمی میدیایی:**

لەبەر ڕۆشنایی دیاریکردنی هەریەکێک لە سیستەمەکانی میدیای دەسەڵاتداریەتی و دیموکراسی و بنەماکانی دروستبونیان، گەیشتینە گەڵاڵەکردنی مۆدیلێک بۆ وەسفکردنی وردی شوناسی هەر سیستەمێکی میدیا لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، ئیتر ئەو سیستەمە دەسەڵاتدار بێت یان دیموکراسی. ئەم مۆدیلیە لەسەر بنەمای دیاریکردنی ڕوونی ژمارەیەک لەو سیما و پێوەرانەیە کە سیستەمی میدیایی پێ جیادەکرێتەوە، پێوەرەکانمان لە نۆ خاڵدا کورتکردۆتەوە کە لە ڕێیانەوە هەڵسەنگاندن بۆ سیستەمی میدیا دەکرێت، ئەوانیش:

1. شێوازی خاوەنداریەتی.
2. شێوازی پەخش یان دەرکردن.
3. بارمتەیی دارایی.
4. مافی کارکردن لە میدیادا.
5. سزا و پاداشتەکان.
6. سانسۆر.
7. مافی رەخنەگرتن لە سیستەمی حوکمرانی.
8. مافی ڕەخنەگرتن لە سەرۆکی وڵات.
9. مافی بەدەستهێنانی زانیاری.

- **مۆدیلەکانی پەیوەندی لە نێوان رۆژنامەنوسان و سیاسیەکاندا :**

ئەگەر ڕۆڵی میدیا بریتی بێت بە پێدانی هەواڵ و زانیاری ورد بە جەماوەر، هەروەها فاکت و ڕاستی بەمەبەستی هاندان و هاوکاری جەماوەر لە پێکهێنانی ڕاوبۆچوونی یاریکراو لەبارەی پێشهاتێک یان کێشەیەک، ئەوا سیاسەتیش مەبەست و ئامانجی بریتییە لە چارەسەرکردنی کاروباری گشتی میللەتلە ڕووی بنەمای فیکرییەوە کێبڕکێ لەنێوانیان وەک ئامرازێکی ئالانگاری بوونی نییە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندی بە کارتێکردن و کارییەگەرییە هەمەچەشنەکان هەیە. بۆیە لێرەدا چەند مۆدیلێک دەخەینەڕوو لە شێوازی پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندنکاری و سیاسەتکاردا:

### یەکەم: نموزەجی دوژمنکارانە ( the adversary model ):

ئەم مۆدێلی پەیوەندییە ئاماژە بە بوونی جۆرێك لە ڕکابەری و دوژمنایەتی بەردەوام دەکات لە نێوان سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووساندا، هەر لایەك ئەوەی تر بە دوژمنی خۆی دەزانێت, ململانێیان لەسەر بابەت و پرسە گرنگەکان زۆرجار دەبێتە هۆی خولقاندنی بۆچوون و ناکۆکی و ڕکابەریی, چونکە ڕۆژنامەنوسان باوەڕیان وایە کە نابێت لە ژێر هەیمەنەی سیاسیەکاندا بن. سیاسییەکانیش باوەڕیان وایە کە ڕۆژنامەنوسان بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵناستن و تەنها لایەنە خراپ و نەرێنیەکان دەخەنەڕوو جەماوەر دژی دەسەڵات هاندەدەن و لایەنە جوانەکانی دەسەڵاتی سیاسی باس ناکەن, گرنگترین ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی ئەم نمووزەجە کراون لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

١. نەبونی پرۆسەی چاودێری لەم نموزەجەدا: ئەو بەهایەی کە ئەم مۆدێلەی لەسەر ڕووبەرووی ڕەخنە دەبێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ گریمانەی تایبەتی تیۆری دیموکراتی لیبراڵی کە جەخت لەسەر پشت بە خۆبەستن و پاراستنی تایبەتمەندییەکان دەکاتەوە، لەگەڵ ئەگەری ڕوودانی هەڵە لە لایەن سیاسییەکان لە لایەك و ڕۆژنامەنووسان لە لایەکی ترەوە بۆ چاودێری کە پێویستیەکی بنەڕەتییە بۆ کۆمەڵگا لەم جۆرە مۆدێلەدا زۆر لاواز دەبێت بەهۆی نەبوونی پەیوەندی و ڕەفتاری دوژمنکارانەی نێوان سیاسییەکان و ڕۆژنامەنوسان.

٢. سنورداربوونی لایەنی بەها و ئیتکی ڕۆژنامەوانی: ئەم مۆدێلە ئاماژەیەکی باش و پێوەرێکی گشتی بۆ ڕەفتاری ڕۆژنامەنووسان لەبەرامبەر سەرچاوەی زانیارییە سیاسییەکانیانەوە پێشکەش ناکات، لە هەمان کاتدا هیچ بنەمایەکی مافی پەیوەندی سیاسی تێدا نییە.

٣. سنورداربوونی ڕکابەری و دژایەتی نێوان ڕۆژنامەنوسان و سیاسییەکان: ڕەخنەیەکی تر ئەوەیە کە ئاستی تەقینەوەی بارودۆخەکە و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و جەماوەرە.

٤. ئەم نموزەجە پێچەوانەی لۆژیکی کارکردنی نێوان سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسانە: واتە واقع و لۆژیکی کارکردنی هەردوولا لە زەمینەکانی خۆیاندا پەیوەندی نێوانیان زۆر بە زەروری دەزانێت و بەردەوام جەختی لەسەر دەکاتەوە چونکە هەریەکێك پێویستی بەئەوەی تر هەیە تا پەیامەکە بە جەماوەر بگەیەنێت, بەڵام لەم مۆدێلەدا ئەو لۆژیك و پێویستبوونی پەیوەندیە پشت گوێ خراوەو کاری پێ ناکرێت.

### دووەم: مۆدێلی ئالوگۆری کۆمەڵایەتی (the social exchange model ):

ئەم مۆدێلە پێچەوانەی مۆدێلی یەکەمە, چونکە وێنای پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنوسان و سیاسیەکان بە ئالوگۆری کۆمەڵایەتی دەکات, لەبەر ئەوەی ئەم مۆدێلە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە سەرەڕای ناجێگیری پەیوەندی نێوانیان پێویستە لە پێناو ئامانجە تایبەتی و گشتیەکاندا و بەرژەوەندییەکانی نێوانیاندا ئەو پەیوەندییە بەردەوام بێت .

1. هێزی ئەم مۆدێلە لە توانای زۆری شیکردنەوەی ئەو باگراوەندەدایە کە وا لە هەردوو لا دەکات پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێت, بۆ نموونە وایدابنێ ڕاپۆرتە سیاسیەکان و هەواڵ و زانیاریە پەیوەندیدارەکان پێویستە بگەن بە جەماوەر, چونکە هەردوولا سودمەند دەبن تیایدا هەردوولا کار بۆ ئەوە دەکەن. لەم پرۆسەیە هیچ لایەك بیر ناکاتەوە کە لە ژێر گوشاری لایەنی بەرامبەردا بێت.

2. خاڵی بە هێزی دووەمی ئەم مۆدێلە لەوەدایە کە هەردوولا باوەڕیان وایە لە نزیکی و بەهێزی پەیوەندیاندا سودمەند دەبن ئەو سودەش بۆ جەماوەر بە ئەندازەی توندوتۆڵی و بە هێزی ئەو پەیوەندیە زیاد دەکات و بە پێچەوانەوە .

3. خاڵی بە هێزی سێیەم ئەوەیە بەردەوام ئەم مۆدێلە لە هەوڵی کەمکردنەوەی ناکۆکی و ڕکابەری نێوان سیاسیەکان و ڕۆژنامەنوساندایە, ئەویش لە پێناوی هێشتنەوەی پەیوەندی نێوانیان و پاراستنی لە لاوازبوون و نەمانی ئەمیش لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان و دواجار بەرژەوەندیەکانی جەماوەردا .

**ئەم مۆدێلە بە بۆچوونی ( جای بلوملیر ) دووخاڵی لاوازی هەیە کە ئەمانەن:**

1. ئەم نموزەجە گرنگییەکی زۆر دەدات بە بەرژەوەندییە کەسی و کاتی و نارەسمییەکان .

2. بێ توانایی ئەم مۆدێلە لە دیاریکردنی ئەو پێوەرانەی فەرمانبەرانی ناو دامودەزگاکان ڕێکدەخەن بە سیاسی و ڕۆژنامەوانییەوە, واتە ئەو پێوەرانەی کە لە ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتیدا باش و خراپ دیاریدەکات و لێکیان جیادەکاتەوە .

**سێیەم / نموونەی گونجان و پشت بە یەکتری بەستن:**

لە چوارچێوەی ئەم نموزەجەدا لە ڕێگەی بەیەکەوە گونجان و پشت بەیەك بەستنی نێوان ڕۆژنامەنووسان و سیاسیەکاندا پرۆسەی پەیوەندیکردنی سیاسی بەرهەمی دێت. سەرەرای ئاڵۆزی و جیاوازی ئامانجەکانیان, هەر لایەك هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گونجان و هاوکاری و پشت بەیەك بەستنەوە ئامانجە دیاریکراوەکانیان بۆ جەماوەری وەرگر و دەستنیشانکراو جێبەجێ بکەن. یان

ئامانجە هاوبەشەکانیان بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بۆ جەماوەر بهێننە دی, واتە لەم نموزەجەدا لە پێناوی هەرچی زیاتر خزمەتکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەی جەماوەردا, سیاسیەکان و ڕۆژنامەنووسان ئەو پەڕی هاوکاری و گونجان لە پەیوەندیاندا لەگەڵ یەکتری پەیرەو دەکەن, لە **خاڵە بەهێزەکانی ئەم مۆدیلە:**

1. هەردوولا ئەو پەری هەوڵ دەدەن بۆ بەیەکەوە گونجان و کارکردن, چونکە سیاسیەکان پێویستیان بە کەناڵی ڕاگەیاندن هەیە کە لای جەماوەر جێی متمانەو ڕاستگۆیی بێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان.

2. سیاسیەکان پەیامەکانیان لە شکل و ناوەڕۆکدا بە ئاراستەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە لایەك و ڕەزامەندی جەماوەری وەرگر دەبێت تەنانەت ڕەچاوی وێنەی هزری جەماوەری کەناڵەکانیشی تێدا دەکرێت.

3. لەم مۆدێلەدا ڕۆژنامەنووسان لە پەیوەندیەکی بەردەوامدان لەگەڵ سیاسیەکاندا, بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و هەواڵ و لێدوان و گەیاندنی بە جەماوەر .

4. لەم مۆدێلەدا سنوری بەهاو ئیتیکی کارکردن لەلایەن هەردوو لاوە زۆر فراوانە تا ئاستێکی بەرز ڕەچاوی بنەما و پرەنسیپە تایبەتیەکانی بوارەکانی تێدا دەکرێت.

**چوارەم: نموونەی ( جاکسون, بیك و کروس ):**

ساڵی (1980)، هەر دوو زانایی بەناوبانگ بەمەبەستی دیاریکردن و وێناکردنی پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووسان و سیاسیەکان و جەماوەریان پێشکەشکرد، ئەم نموزەجە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سیاسیەکان و جەماوەر بۆ پاراستنی هێز و کاریگەریان پشت بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبەستن, ڕاگەیاندکارانیش لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ جەماوەر لە لایەك و سیاسییەکان لە لایەکی ترەوە دروست دەکەن و دەبنە پردێکی پەیوەندی و لەهەمانکاتیشدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان بەرجەستە دەکەن، کەواتە ئەم نموزەجە جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان هەر سێ لا دەکاتەوە.

ڕاگەیاندکاران لەم پەیوەندییە سێ لایەنەدا وەك کاڵایەك مامەڵە دەکەن لەگەڵ هەواڵ و زانیاریەکاندا و بە ویستی خۆیان دیاریدەکەن کە کام زانیاری و هەواڵ بەجەماوەر بگەیەنن و زۆر جاریش دەستکاری پەیام و هەواڵە سیاسییەکان دەکەن و بە شێوازێکی خوازراو دایدەرێژن.

**کەواتە لە خاڵە لاوازەکانی ئەم نموزەجەدا:**

1. **هەرسێ لایەن لە پێناو ئامانجەکانیاندا کاریگەری و فشار لەسەر لایەنەکانی تردا دادەنێت, بە شێوازی تایبەتی خۆیان.**

2. **سیاسییەکان سەرچاوەکانی هەواڵ وەك گوشارێك بەرامبەر ڕاگەیاندنکاران بەکاردەهێنێن.**

3. **لەم نموزەجەدا ڕۆژنامەنوسان پێویستە باجی گەورە بدەن, تا بەسەرچاوەکانی زانیاری لە لایەن سیاسییەکان و حکومەتەوە بگەن.**

**کەی میدیا دەبێتە دەسەڵات؟**

کەی میدیا دەبێتە هێزێک لە هێزەکانی دەسەڵات دەکرێت لە یەکێک لەم سێ حاڵەتانەی خوارەوەدا وەڵامبدرێتەوە:

**یەکەم:** کاتێک مافی ئازادی ڕادەربرین بۆ هەموو ئامرازەکانی میدیا دەرەخسێنرێت، بەرتەسککردنی مافی ڕادەربرینی ئازاد بۆ تاکە ئامرازێک یان زیاتر و هەروەها بێبەشکردنی ئامرازەکانی تر لەم مافە بەهەر بیانوێک بێت کاریگەری میدیا لاواز دەکات وایلێدەکات قابیلیی ئاراستەکردن و ئیستغلالکردن بێت.

**دووەم:** مافی ئامرازەکانی میدیا لە چاودێریکردن و لێپرسینەوەی دەسەڵاتدا مافێکی گشتگیر بێت بۆ هەموو هێزەکانی دەسەڵات، بۆ هەموو ئاستەکان لە بنکەوە بۆ لوتکە. چونکە مافەکان تەنها چاودێریکردن و ڕەخنەگرتن نییە لە حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، یان دەسەڵاتی یاسادانان و هێزەکانی تری دەسەڵات لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا. ئەمە لە کاتێکدا بێبەش دەکرێت لە چاودێریکردن و لێپرسینەوە و ڕەخنەگرتنن لە دەسەڵاتی ڕاپەراندن (جێبەجێکردن).

**سێیەم:** کاتێک لە توانای ئامرازەکانی میدیادا بێت ڕۆڵێکی کاریگەری بڕیاردان بگێرێت، هەڵبەت مەبەستەکە ئەوە نییە کە ئامرازەکانی میدیا بڕیار دەربکەن، بەڵکو ئەوەیە کە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێت لە دروستکردنی بڕیار پێش دەرکردنی، ئەویش بەو کاریگەرییەی هەیانە لەسەر هەموو هێزەکانی پێکهێنەری دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا.

**بەهیوای سوود بینین...**